زانكۆی سلێمانی

# كۆماری كوردستان

ئامادەكردنی :

شانيا لوقمان محمد

بەشی جوگرافيا

قۆناغی ( يەكەم ) ئێواران

بە سەرپەرشتی :

د . كەمال تاهير ڕەشيد

2020 -2019

# پێشەکی

لەم ڕاپۆرتەماندا باسی ڕووداوە سیاسیەکانی کۆماری کوردستان و بەرەوپێشچوونی خاکی کوردستان دەکەین , لەگەڵ باسکردنی کەسایەتییەکی دیاری کۆمارەکە کە دەستێکی بالای هەبووە لە دامەزراندنی کۆماری مەهاباد , هەروەها لەگەڵ دامەزراندنی کۆمەڵەیەك بە ناوی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان ) (ژێ کاف ) , وە باسکردنی یەکێتی سۆڤیێت وە ڕووخانی کۆمارەکە بەهۆی بەهێزی دبلۆماسی ئێران و کەم ئەزموونی سەرکردەکانی کۆمارەکە , هەروەها نەبوونی هەستی نەتەوایەتی لە نێوان هۆزە کوردەییەکان.

## کۆماری کوردستان (کۆماری مەهاباد )

ئەگەر لە سەرەتادا پێناسەیەك بۆ کۆماری کوردستان بکەین دەڵێین : کۆماری کوردستان یان (کۆماری مەهاباد ) لە ( 2 ) ڕێبەندانی ساڵی ( 2646 ) ی کوردی بەرامبەر بە ( 22 ) ی ژانوێی ساڵی ( 1946 ) لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لەسەر دەستی

حزبی ( دیموکراتی کوردستان ) دامەزێنرا و پێشەوا ( قازی محەمەد ) وەك سەرۆك کۆمار سوێندی یاسایی خوارد , دەوڵەتێکی کوردی کەم تەمەنبوو کە لە سەدەی بیستدا و لەدوای ( کۆماری ئارارات ) لە تورکیا دامەزرا .

پایتەختەکەی شاری ( مەهاباد ) بووە کە دەکەوێتە باکوری خۆرئاوای ئێران , دامەزراندن و لەناوچوونی کۆمارەکە بەشێك بوو لە قەیرانی ئێران , ئەو ململانێیەی لە نێوان ئەمریکا و سۆڤییەتدا هەبوو کە ( جەنگی سارد ) ی لێکەوتەوە , پێشینە ل مانگی ئابی ( 1941 ) ڕا پەڕینێکی جەماوەری کۆنترۆڵی ناوچە کوردییەکانی لە دەستی حوکمەتی ناوەندی ئێران دەرکرد , لە شاری( مەهاباد ) کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن کۆمیتەیەکی لە کەسانی چینی ناوەند بە پشتگیری سەرۆك خێڵەکان دەسەلاتی ناوچەییان گرتە دەست , پارتێکی سیاسی بە ناوی ( کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان ) کە کورتکراوەکەی ( ژێ کاف ) دامەزرێنرا .

قازی محەمەد سەرۆکی بنەماڵەی قازی , بە سکتێری پارتەکە هەڵبژێردرا , هەرچەندە کۆمارەکە بە فەرمی ڕانەگەیەندرا تا مانگی کانونی یەکەمی ( 1945 ) , کۆمیتەکە بە سەرکردایەتی ( قازی محەمەد ) ناوچەکەیان بەڕێوە ئەبرد بە لێهاتووی و سەرکەوتنێکی بەرچاوەوە کە بۆ ماوەی ( 5 ) ساڵ تا ڕوخانی کۆمارەکە دێژەیی هەبوو .

# بۆچوونی سۆڤیێت

هێزەکانی سۆڤیێت و بەریتانیا لە کۆتاییەکانی ئابی ( 1941 ) ئێرانیان داگیرکرد دیارە سۆڤیێت لە باکورەوە بەگشتی دوودڵبوون لە ئیدارەی کوردی هێزیان لە نزیك مەهاباد دانەنا وتەنانەت نێردراوێکی مەدەنی ئەوتۆیان نەنارد بۆ ئەوەی کاریگەری گەورە دروست بکات , لە ڕێگەی چالاکی دۆستانەوە وەك ( دابینکردنی کەرەستەی گواستنەوە , دەرکردنی سوپای ئێرانی , کڕینی تەواوی بەرهەمی توتنەکەیان ) پاڵپشتی ئیدارەکەی قازییان دەکرد , لەلایەکی ترەوە کوردەکان زۆر ئیدارەی کوردیان ئەبەزاند لەیەر ئەوەی ڕەتیان کردەوە ببنە بەشێك لە کۆماری دیموکراتی ( فارس ) ئازەربایجان , هەروەها دژی ڕاگەیاندنی کۆماری سەربەخۆی کوردی بوون .

# قازی محەمەد

پێشەوا قازی محەمەد کوڕی قازی عەلی کوڕی میرزا قاسم کوڕی میرزا ئەحمەدە , لە ساڵی ( 1901 ) ی زایینی لە شاری مەهاباد لە دایك بووە , دایکی لە تیرەی ( فیزوللاَ بەگ ) ییە کە ئەولنیش لە مێژەوە ناویانگێکی گرنگیان بووە لە ولاَتی موکریاندا .

پێشەوا لە ( 21 ) ی مارت ( 1947 ) بە دەستی زاڵمانی ئێران لە مەهابات و لە مەیدانی ( چوارچرا ) بە سێدارە درا لەگەڵ هاوڕێکانی,لە پێناوی ئەوە بیر و باوەڕەی کە لەگەڵ خوێنیاندا تێکەڵبوو , وە لەسەر ئەو سوێندەی لە کاتی خۆیدا خواردی کە تا دوا هەناسەی لەگەڵ خەڵکدا بێت , هەموو علومی ئاینی تەواو کردبوو وە هەر لە سنوری ئەو علومانەدا نەوەستابوو بەڵکو لە زانیاری نوێدا دەستێکی بالاَ و پایەیەکی بەرزی هەبوو , وە لە خوێندنەوەی پەڕاوی بێگانە درێخی نەدەکرد , تەنانەت زمانی ڕوسی و ئینگلیزی بە گفتوگۆ خوێندۆتەوە و زانیوە .[1]

لەو سەردەمەدا کە بۆ یەکەمجار قوتابخانەی تازە لە مەهاباد کراوەتەوە قازی محەمەد کراوە بە سەرۆکی فەرهەنگی ئەو ناوچەیە بێ ئەوەی یارمەتی و موچە لە میری وەرگرێت , و خەڵکی زۆر هاندەدا بۆ فێربونی زانیاری و هەموو جۆرە هونەرێك , پیاوێکی پێشکەوتو و دڵپاك بوو , بەرهەڵستی عەشیرەت گیری زۆر بە توندی کردووە

[1] چەند لاپەڕیەك لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاَتی کوردستان . ن/ د. یاسین سەردەشتی .. لا/ 162

بەو بۆنەیەوە زۆر جار دەرەبەگەکان دوژمنایەتیان لەگەڵ کردووە , چونکە هەرگیز لایەنی ڕەنجبەران و جوتیارانی کوردی بەرنەدەدا و گیانی دیموکراتی و نیشتیمان پەروەری کاری گرنگی کردبووە سەر هەست و بیر و باوەڕی .بنەماڵەی قازی محەمەد هەر لە سەرەتای شەڕی جیهانی یەکەمەوە ناوبانگیان دەرکردووە لە موکریاندا .

قازی محەمەد لە دوایدا بەهۆی چالاکی و وریایی خۆیەوە توانی ئەم دەسەلاتە مەعنەوییە سەرانسەری کوردستانی ئێرانی پێبگرێتەوە , ئەم بنەماڵەیە بەلای زۆربەی کوردەکانەوە بەڕێز و خۆشەویست بوون پیاوی هەڵکەوتوو و ناوداریان زۆر بووە وەك ( میرزا فەتاحی قازی ) کە لە پێناوی هێنانی یاسای دەستوری ( مەشروت ) دا زۆر تێکۆشاوە بەو بۆنەیەوە ماوەیەکی زۆر لە تاران لە زینداندا بەند کراوە , چونکە لە دژی ڕژێمی دیکتاتۆری ئەو سەردەمە خەباتی کردووە , پێشەوا هەر لەسەر ڕێڕەوی باوك و باپیرانی بەردەوام بوو وە ڕابردووی خاوێنی ئەوان پاڵی پێوەنا کە زیاتر لە ڕێی ولاتی کوردستان تێکۆشان بکات , لەساڵی ( 1938 ) کە ( قازی عەلی ) باوکی کۆچی دوایی کرد ئەرکی سەرشانی زیاتر ببوو وە کرا بە قازی مەهاباد , لە ڕاستیدا هەرچەندە بە میراتبوو , بەلاَم خۆی زۆر شایستەی ئەو پایەیە بوو و توانی بە شێوەیەکی ڕێك و پێك فەرمانەکانی جێبەجێ بکات .

## دامەزراندنی کۆمارەکە

لە ئەیلولی ( 1945 ) قازی محمد و سەرکردە کوردەکانیتر سەردانی ( تەبریز ) یان کرد بۆ ئەوەی چاویان بە کۆنسوڵی سۆڤێت بکەوێت , بۆ دەربارەی پشتگیری کردنی کۆمارێکی نوێ لەوێشەوە ڕەوانەی ( باکۆ , ئازەربایجانی سۆڤێت ) کران , لەوێ ئاگادار بوونەوە و لەوەی پارتی دیموکراتی ئازەربایجان لە هەوڵی ئەوەدایە کە دەست بەسەر ئازەربایجانی ئێراندا بگرێت .

لە ( 10 ) ی کانونی یەکەمدا پارتی دیموکراتی ئازەربایجان دەستی بەسەر پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەلاتدا گرت کە پێشتر بە دەستی سوپای ئێرانەوە بوو , قازی محەمەد بڕیاریدا هاوچەشنی ئەوە کارە دووبارە بکاتەوە لە ( 15 ) کانونی یەکەمدا ( کۆماری مەهاباد ) ی کوردی دامەزرێنرا , لە ( 22 ) ی کانونی دووەمی ( 1946 ) قازی محەمەد دامەزراندنی کۆماری مەهابادی ڕاگەیاند [2] .

[2] کۆماری کوردستان .مهاباد 1946 لە ڕووی یاسای گشتی نێو دەوڵتیەوە ن/ نەوزاد مجید - خدر سەرمۆردی . بلاَوکراوەی مەکتەبی بیرو هۆشیاری 2004 سلێمانی . لا/ 41 - ......... .

**هەندێ لە ئاما نجەکانیان لە ( مانیفێستۆك ) ەدا بلاّو کرایەوە ئەمانەن : ئۆتۆنۆمی بۆ کوردانی ئێران لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا , هەروەها زمانی کوردی بکرێتە زمانی ڕاگەیاندن و خوێندن و ئیدارە , هەروەها هەڵبژاردنی ئە نجومەنی پارێزگا بۆ کوردستان بە مەبەستی چاودێری دەوڵەت و بابەتە کۆمەلاّیەتییەکان , هەموو بەرپرسەکان لە خەڵمی ناوچەکە هەڵدەبژێردران , یەکێتی و برایەتی لەگەڵ خەڵکی ئازەربایجان یاسایەك ئەبێت کە بە یەك چەشن مامەڵە لەگەڵ کرێکار و کەسایەتییە بالاّکاندا بکات .**

## کابینەی کۆماری مهاباد

| | |
|---|---|
| 1-**حاجی بابە شێخ** | **سەرۆك وەزیر** |
| 2- **محمد حوسنی سەیفی قازی** | **وەزیری شەڕ** |
| 3- **محمد ئەمین موعینی** | **وەزیر کاروباری ناوخۆ** |
| 4- **حاجی رەحمان ئاغای موهتەدی** | **وەزیری کاروباری دەرەوە** |
| 5- **ئەحمەدی ئیلاهی** | **وەزیری ئابوری** |
| 6- **ئیسماعیلی ئیلخانی زادە** | **وەزیری ڕێگاوبان** |
| 7- **حاجی مستەفای داودی** | **وەزیری بازرگانی** |
| 8- **مەحمودی وەلی زادە** | **وەزیری کشتوکاڵ** |
| 9- **کەریمی ئەحمەدەین** | **وەزیری پۆست و تەلەگراف** |
| 10- **مەنافی کەریمی** | **وەزیری ڕۆشنبیری** |
| 11- **سەدیقی حەیدەری** | **وەزیری ڕاگەیاندن** |
| 12- **خلیلی خوسرەوی** | **وەزیری کار** ( سه ) |

[3] قازی محمد ( کوردستان لە ساڵکانی 1941  1946 ) . ن/ حمیدرەزا جەلائی پور . و/ ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی . چاپی دووەم 2006 . لا / 45

# هەندێ لە کارەکانی کۆمای مهاباد

## یەکەم : لە بواری سیاسیدا

ا- پەیوەندی نزیکی دۆستایەتی لە گەڵ کۆماری ئازەربا یجانی سۆڤیەت و یەکێتی سۆڤیەت دا .

ب- پێکهێنانی پەیوەندی دۆستانە لە گەڵ هێزە سیاسیکانی تری ئێران .

ج- ناساندنی کورد و ( ح . د . ك )و کۆماری کوردستان بە بیروڕای گشتی لە ڕێگەی چا پەمەنی و ووتوێژی ڕۆژنامەییەوە .

د- ڕاکێشانی هەندێ هەواڵنێری بیانی بۆ کوردستان .

ز- بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان و ڕەسمیەت دان بە مافە ڕەواکانی دۆزی گەلی کوردی ماف خوراو .

ە- بەرز کردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و کوردایەتی بە شێوەیەکی گشتی و لە بار ، بە تاییەت دوای تێکشکانی شۆڕشەکانی شێخ محمود و ئیحسان نوری پاشا و سمکۆ.

## دووەم : لە بواری دیموکراسیدا

ا-بەژداری پێ کردنی ژنان لە سیاسەتدا و دامەزراندنی یەکێتی ژنانی کوردستان .

ب - لە بەرچاو گرتنی مافی چینی زەحمەت کێشان و کرێکاران .

ج - دانانی یاسا و قانونی بەرێوەبردن تا ئەو ڕادەیەی گونجاوە و ئیمکانی هەبووە .

د - بایەخدان بە مافی کەمایەتیەکان بەتاییەت لە بواری فەرهەنگیدا .

ز - بەژداری پێکردنی هەموو چین و توێژەکان لەکاروباری حکومەتدا .

## سێەم : لە بواری ئابوریدا

ا-ئازاد کردنی بازرگانی و دەرخستنی لە دەستی حکومەت .

ب - هەوڵدان بۆ بەرێوەبردنی شێوەی نوێی کشتوکاڵ و هێنانی تراکتۆر بۆ یەکەم جار بۆ کوردستان .

ج - دامەزراندنی پەیوەندی بازرگانی لە گەڵ ئازەربایجان و یەکێتی سۆڤیەت بە تایبەت بۆ فرۆشتنی توتن و خوری کەتیرە وە هێنانی هەندێ کاڵای تر بۆ کوردستان ( ) .

# ڕووخانی کۆمارەکە

لە کاتێکدا کە ( یەکێتی سۆڤیەت ) ڕۆڵی زۆری هەبوو لە دامەزراندنی کۆماری ئۆتۆنۆمی ئازەربایینجان و کۆماری کوردستان , لەبەرئەوە وەستاندنی یارمەتی بۆ ئەم دوو کۆمارەش کاریگەری سەرەکی هەبوو لە ڕووخانی کۆماری ئازەربایینجان لە سەرەتادا وە کۆماری کوردستانیش لە دواتردا , هەروەها پشتگیریکردنی وڵاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیاش لە دەوڵەتی ئێران هۆکارێکی تری بەهێزی لە ناوبردنی کۆمارەکە بوون , هەروەها لە ( 26 ) ی ئازاری ساڵی ( 1946 ) دا هێشتا لەشکرێکی کارامە لە کۆمار دروست نەببوو , ئەوە بوو چەکی قورس و کەسانی مەشق پێکراوی وەك پێویست نەبوون , بۆیە کاتێك ئامادەباشی لەشکری ئێران بۆ هێرشکردنە سەر کۆمار ئاشکرا بوو , ( قازی محەمەد ) داوای لە هۆزەکان کرد کە جەنگی بەرگری کردن بکەن , بەڵام زۆربەی هۆزەکان پشتیان تێکرد , هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی هەستی نەتەوایەتی لە نێوان ئەم هۆزانە , لە پاڵ ئەمەشدا خراپی بار و دۆخی ئابوری هۆیەکی تری ڕووخانی کۆمارەکەبوو , بەهێزی دیپلۆماسیەتی ئێران و کەم ئەزمونی سەرکردەکانی کۆمارەکە لە ڕووی سیاسی و دبلۆماسییەوە هۆکارێکی تری ئەو چارەنوسەبوون کە توشی کۆماری کوردستان بوو .

لە ئە نجامی هێرشی ئێراندا نزیکەی ( 15000 ) کەس لە خەڵکی کورد دەکوژرێن و( 15 ) سەرکردەی کۆماریش دوای دادگاییەکی ڕوکوشانە لە ( 31 ) ی ئازاری ساڵی ( 1947 ) لە گۆڕە پانی چوارچرا لە ( شاری مەهاباد ) لە سێدارە دەدرێن , لە نێویاندا پێشەوا ( قازی محەمەد ) سەرۆك کۆماری کوردستان بوو

---

[4] مهاباد و کورتە مێژوویەك . ن/ عمر باڵەکی . چاپخانەی و. ڕۆشنبیری . چاپی یەکەم . سلێمانی . لا/ 99 – 100 .

# هۆكاری ڕووخانی كۆمارەكە

( ئارچیبالد بولۆچ رۆزفلت ) كوڕەزای سەرۆكی پێشوی ئەمریكا , ( تیۆدۆر ڕۆزڤلت ) لە كتێبەكەیدا ( كۆماری كوردی مەهاباد ) دەڵێت كێشەی سەرەكی كۆماری مەهاباد ئەوەبوو كە كوردەكان پێویستیان بە سۆڤێت بوو تەنها چانسیان هێزی سوپای سور بوو , بەلاّم ئەم پەیوەندییە نزیكەكیان لەگەڵ ( ستالین ) و ( سۆڤێت ) وایكرد زۆربەی هێزی ڕۆژئاواییەكان پشتی ئێران بگرن .

قازی محەمەد هەرچەندە نكۆڵی لەو ڕاستییە نەئەكرد كە لە ڕووی داراییەوە پشتیان بە سۆڤێت بەستووە ئەوەی ڕەتئەكردەوە كە ( پارتی دیموكراتی كوردستان ) پارتێكی كۆمۆنیست بێت , ڕایگەیان ئەوە درۆیە كە دەسەلاّتدارانی سوپای ئێران دروستیان كردووە , جگە لەوەی ئاما نجەكانی خۆی بەزۆر جیاواز لەوانەی سۆڤێت لە قەڵەمدا .

هەروەها كۆمارەكە بەدەست چەند كێشەیەكی ناوخۆیی ئەیناڵاند جیاوازییەكی گەورە لە نێوان خەڵكی شار و خێڵەكییەكاندا هەبوو , وە هاوپەیمانێتییەكەیان بۆ مەهاباد لە دارِماندا بوو وەك چۆن پێشتریش ڕایگەیاندبوو , خێڵەكان و سەرۆكەكانیان تەنها لەبەر ئەو هاوكاری دراییو سەربازییانە پشتی قازی محەمەدیان دەگرت , كە لە یەكێتی سۆڤییێتەوە وەریدەگرت , هەندێكیتر لە خێڵەكان دڵیان بە بارزانییەكان نە ئەكرایەوە لەبەر ئەوەی نەیان ئەویست سەرچاوە و داهاتەكانیان لەگەڵ بەشبكەن , هەندێ لە كوردەكان ڕقیان لە مەهاباد بوو بە یەكێك لە ( مارشاڵ ) ەكانیشەوە كە ناوی ( ئەمیر خان ) بوو لە ڕووی داراییەوە مەهاباد نشوستی هێنا وە ئەوە وەك مەحاڵ وابوو كە مەهاباد لەڕووی داراییەوە هاوتا بێتەوە لەگەڵ ئێران .

# دەرەنجام

تێگەیشتم لەوەی کە کۆماری کوردستان یان کۆماری مەهاباد , یەکێبوو لەو ڕووداو و بەرەو پێش چوونانەی گەلی کورد کە ڕوویدا لە مێژووی کوردایەتیدا کە تێیدا هەوڵی بەدەست هێنانی سەربەخۆیی گەلی کورد دراوە , بەڵام ناحەزانی گەلی کورد و ناحەزانی سەرکردەکانی گەلی کورد دووبارو بۆنە هۆی دواکەوتنی گەلی کورد و بەرەو پێش نەچوونی خاکی هەرێمی کوردستان , سەرەڕای ئەم ڕووداوانەش چەندین کەسایەتی ناودار و لێهاتوو دەرکەوتوون وە هەمیشە لە هەوڵی پاراستنی خاکی کوردستاندا بوون .

# سەرچاوەکان


1 چەند لاپەڕیەك لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان . ن/ د. یاسین سەردەشتی ..

2 کۆماری کوردستان .مهاباد 1946 لە ڕووی یاسای گشتی نێو دەوڵتیەوە . ن/ نەوزاد مجید – خدر سەرمۆردی . بلاوکراوەی مەکتەبی بیرو هۆشیاری 2004

3. کتێبی ( بابەتە کۆمەلایەتییەکان ) پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی

4. کتێبی ( کوردۆلۆجی ) لە نوسینی ژیلوان عبدالله هەڵەدنی .

5. کتێبی ( پەیوەندییەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایینجان ) لە نوسینی ( ڕیپچارد ئەی مۆبلی ) وەرگێرانی ( حەسەنی قازی ) .

[6] قازی محمد ( کوردستان لە ساڵکانی 1941 1946 ) . ن/ حمیدرەزا جەلائی پور . و/ ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی .

7 مهاباد و کورتە مێژوویەك . ن/ عمر باڵەکی . چاپخانەی و. ڕۆشنبیری . چاپی یەکەم . سلێمانی .

8 https://ckb.wikipedia.org/wiki/%DA%A9%DB%86%D9%85%D8%A7%D8%B1DB%8C_%D9%85%DB%95%DA%BE%D8%A7%D8%A8%D8%A7%D8%AF_

9 https://m.facebook.com/485987541440999/photos/a.494016027304817/698981536808264/?type=3.